www.kurdistannet.org
8-2-2007 23:17 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## له - كۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەكانی كوردستان لقی هەندەران،. بۆ/ كۆمەڵەی زیندانییە سیاسییەكانی كوردستان

بیستنی یەكخستنەوەی هەردوو رێكخراوی زیندانییە سیاسییەكانی كوردستان زۆر خۆشحاڵی كردین، بۆیە جوانترین پیرۆزبایی ئەو سەركەوتنە گەورەیەتان لی دەكەیژن بەو هیوایەی كە یەكخستنەوەی رێكخراوەكەتان رۆڵی خۆی ببینێت وەك چۆن لەزیندانی فاشیيەكاندا بێ باكانە درێژەتان بە خەبات دەداو كردبوتان بەقوتابخانەی كوردایەتی وە دەیان هاورێشتان بەسرودی كوردایەتی یەوە پەتی سێدارەیان كردەگەردن. بەم بۆنەیەوە داواكارین لەسەرجەم رێكخراوە هاوشێوەكانی كوردستان كە مێژوی گەلەكەمان و بارودۆخی ناوچەكە وا ئەخوازێت چیدی رانەوەستین وە پەلە لە یەك خستنەوەیان بكەین، هەر بەو بۆنەیەوە ئێمە وەك كۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەكانی كوردستان لقی هەندەران داوا لە پێشمەرگە دێرینەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان دەكەین كە هەوڵبدەن بۆ یەكگرتنەوەیان لەگەڵ كۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەكانی كوردستان چونكە تەنها بەیەك گرتن ئەتوانین مافەرەواكانی گەلەكەمان و مافە سەرەتاییيەكانی پێشمەرگە. دەستەبەر بكەین
... هەرسەركەوتوبن بۆ كورد و كوردستان

سەلاح جەلیلەیی: لێپرسراوی
كۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەكانی كوردستان
لقی هەندەران
8-2-2007
سوید

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.